

# ئەو هۆکارانەی ڕەونەق و ناسکیی دیکۆری ماڵەکەت دەشێوێنن


زۆربەی ئافرەتانی ماڵ، کاتەکانی ڕۆژانەیان بە پاککردنەوە و گرنگیدان بە ماڵەکەیان بەسەر دەبەن، هەندێ جاریش دوای ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە، کەچی دیکۆرەکەیان بەدڵ نییە، یان دوچاری گلەیی کەسانی دیکە دەبنەوە، ڕەنگە نەشزانن کە هۆکاری شێواندن و تێکچوونی دیکۆرەکەیان چین، لێرەوە ئاگاداری ئەو هۆکارانە بە کە دیکۆری ماڵەکەت دەشێوێنن:



- زەویی ماڵ، گرنگترین بەشی دیکۆری ماڵە، کاتێك زەویی ماڵەکەت شپرزە بێت، ئەوکاتە دیکۆرەکەشت ڕێك و شیك بێت، سوودی نابێت و بەمەش دیکۆری ماڵت بە شێواوی دیار دەبێ.



- شپرزەیی و پیسی، بەشێکی دیکەی شێواندنی دیکۆری ماڵە، بەتایبەت ئەگەر کەرەستەکانت لە شوێنی خۆیان نەبن، وەك: مێزی نێوان قەنەفەکان لە شوێنی دیکە بن، هەروەها پیسبوونی کەرەستەکانت هۆکارێکە بۆ تێکدانی دیکۆرت.



- شوێنی کەرەستەکان، تەسکی و فراوانی لە دیکۆر، هەندێ جار هۆکارێکە بۆ تێکدانی ماڵەکەت، بەتایبەت کاتێك کەرەستەیەك لە شوێنی کەرەستەیەکی دیکە دەبێ، وەك سەرین و بەرماڵ و دۆشەك و سەرچەفی سەر قەنەفەکان.

- ڕووناکی، هۆکارێکە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جوانی دیکۆرت هەیە، لەوکاتەی ژوورێکت یان شوێنێکت تاریك دەبێ، تا چەند دیکۆرەکەشت جوان و ناوازە بێ، جوانی و ڕەونەقەکەی لە دەست دەدات.

- پەردەی پەنجەرەکان، کاتێك پەردەیەکی نارێکت دەبێ، تەنانەت ئەگەر دیکۆرێکی سەرنجڕاکێشت هەبێ، ئەو کاتە پەردەکانت دەبنە هۆکارێك بۆ شێواندنی دیکۆری ماڵت، بۆیە هەوڵبدە پەردەیەکی سادە و ناسکت هەبێت.

- وایەرەکان، زۆر جار وایەرەکان شۆڕ دەبنەوە، هەندێکیان بە نارێکی دانراون، کە سەراپای دیمەنی دیواری ماڵەکەت دەشێوێنن، بۆیە دەتوانی لە ڕێگەی وەستایەکی کارەبا و دیکۆرەکان، دیمەنی وایەرەکانت جوانتر بکەن.





# چەترەکان بۆ ڕۆژانی سەرما و باران

ئافرەتان، ئەوانەی خاوەن پیشە و دەوامن، یان ئەوانەی قوتابین ڕۆژانە بەرەو ناوەندەکانی زانکۆ دەچن، لە وەرزی سەرمادا ڕووبەڕووی سەرما و سۆڵە و بارانیش دەبنەوە، باران جگە لەوەی کەشێکی ڕۆمانسی دروست دەکات، بەڵام زیانیشی هەیە کە ماکیاژی سەر و چاوت ناهێڵن و هەروەها بە دڵۆپەکانیشی کاتێك لە تەنیشتت دەکەون، دەبنە هۆی پیسبوونی جلەکانت، بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەتوانیت چەتر بەکاربهێنێت، چەتر جگە لەوەی بۆ کاتی بارانە، هەروەها دەکرێت بۆ پاراستنی سەر و قژت لە هەوای بەهێز و ڕەشەبا و سەرماوە بپارێزیت. وێڕای ئەوەی کاتێك کارت بە چەترەکان نابێت، دەکرێت وەك گۆچانێك بۆ ڕۆیشتن لەو کاتەی بێتاقەتی بەکاری بهێنیت. هەوڵبدە چەترێکی بچووك و باشت هەبێ، لەو کەرەستانە نەبێ کە بەهۆی هەوایەکی سادەوە تێکبشکێت، یان بە بارانێکی بە چۆڕەوە بچەمێتەوە، هەروەها گرنگە چەترەکەت لە ڕەنگێك بێت کە وەك ئێکسسوارێکی ناسەرەکی بەکاری بهێنیت.



# جلەکانی منداڵ لە وەرزی پاییزدا



گۆڕانکاری لە کەشوهەوای نێوان وەرزی هاوین و پاییزدا، وادەکات کە جلەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، جگە لەوەی جلەکانی خۆت دەگوڕیت، هەروەها پێویستە جلوبەرگی منداڵەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بۆیە لە ئێستاوە هەرچی زووە هەوڵبدە جلەکانیان بۆ بگۆڕی، چونکە لەو ماوەیەدا کەشوهەوا سارد دەبێ، بەمەش کاریگەری لەسەر تەندروستیی منداڵەکانت دەبێت.

(ناوتیکا)، یەکێکە لە دیارترین براندەکانی جیهان بۆ جلی منداڵ، کە لە دوابەرهەمیدا، مۆدەیەکەیان داهێناوە بە مۆدی جلوبەرگی کەسانی دەریاوانی ناسراوە، ئەو مۆدەیە پێکهاتووە لە دوو شێوازی جل: کراسی درێژ، لەگەڵ بلووز و قەمیس، یان پانتۆڵ لەگەڵ چاکێتدا.

لە بارەی ڕەنگەکانی ئەو ماوەیە دەکرێت سوود لە ڕەنگەکانی قاوەیی، پەمەیی، ڕەساسی، شین و نیللی وەربگرین تا مۆدێکی جوان بۆ جلی منداڵەکان دابین بکەین.



# ڕەنگی پەمەیی بۆ جلەکانی وەرزی پاییز و سەرما

ڕەنگی جلەکان لە زۆر وەرزدا باو دەبن و هەندێ جاریش فەرامۆش دەکرێن، بەتایبەت ئەو ڕەنگانەی کە لە وەرزێکدا بەناوبانگ دەبن، یان تەنیا بۆ ئەو وەرزە تەرخان دەکرێت، بۆ بەختی خانمان ئەمجارەیان پسپۆڕان ڕەنگە خۆشەویستەکەی ئافرەتانیان لە وەرزی سەرما و پاییزدا لە لوتکە داناوە، ئەو ڕەنگە بۆ جل و ماکیاژیش ناوازیە کە ڕەنگی پەمەییە، بێگومان هەمووان کۆمەڵێك جلی پەمەیی و ڕەنگەکانی ماکیاژی لە نێو کەرەستەکانیدا بەدی دەکرێت، هەروەها دەکرێت خشلە پەمەییەکانیش لە وەرزی سەرمادا بەکاربهێنیت. پەمەیی ڕەنگێکە گوزارشت لە مێینە و ناسکی ئافرەت دەکات، لەگەڵ ڕەنگی سپی و ڕەشیش زیاتر خۆی دەگونجێنێت، بە تایبەت ئەگەر جلێکی تێکەڵت هەبێ لە ڕەنگەکانی پەمەیی و ڕەش، یان پەمەیی و سپی، جگە لە جلەکان، دەکرێت پێڵاوێکی وەرزشیی پەمەییش لە پێ بکەیت.

ڕەنگی پەمەیی خۆی لە ٣ جۆرە ئاستی ڕەنگەکەی خۆیدا دەبینێتەوە، پەمەیی تۆخ کە بۆ چاکێت و قەمیس ناوازەیە، پەمەیی ناوەند بۆ پانتۆڵ و پشتێنەکان گونجاوە، پەمەیی کاڵ، بۆ پێڵاو و بلووز و بەدی ناوازەیە.



# ماسی زێڕین



یەکێك لە ڕاوچییەکانی ماسی لە وڵاتی ئوسترالیا، دوای ئەوەی چەندین ماسی ڕاودەکات، هەندێکیان دەخاتە ناو سەلاجەی ماڵەکەی، پاشی هەفتەیەك بۆ خواردنی ئەو ماسییە دەریدەهێنێت و نیشانەیەکی سوور لەسەر جەستەی ماسییەکە دەبینێت، کە لە سەری نووسراوە (٣١ی مارس ٢٠١٩)، ئەو هێمایەش وەك تیروپشکێکە کە لە ڕووبارەکانی هەرێمی باکووری وڵاتەی دانراوە بۆ ئەو ڕاوچییەی کە ڕاوی ئەو ماسییە دەکات، خەڵاتەکەش بریتییە لە (١٠) هەزار دۆلار، ئەو ڕاوچییە ناوی (باسیل تی ئاهو)ە، دانیشتووی شاری داروینی ئوسترالییە، ئەو تیروپشکە وەك بانگەشەیەکی گەشتیارییە بۆ ئەو ناوچانەی تا خەڵك سەردانی بکەن و ڕاوی ماسی بکەن، کە هەر کەسێك ئەو جۆرە ماسییە بدۆزێتەوە کە نیشانەکەی لەسەر جەستەیە، خەڵاتە ناوازەکە دەباتەوە، ماوەی (٤) ساڵە ئەو جۆرە تیرو پشکە هەیە و تا ئێستا تەنیا دوو لەو ماسییانە ڕاو کراون. باسیل دەڵێ: ئەگەر ماسییەکی زێڕینیشم ڕاوکردبا، هەر هێندە پارەیەی دەکرد.

# بەهرەمەندێک بە عەقڵ و جەستە




**ڕێباز کاکل، کەسێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن بەهرە و توانایەکی ڕادەبەدەر، هەرچەندە قاچەکانی لە دەست داوە، بەڵام ئەو هۆکارە نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم ژیانیدا، ئێستا لە وڵاتی ئیتاڵیا دەژی و جگە لە کاری نووسین و شارەزایی لە کۆمپیوتەر، هەروەها یاریزانی تێنسی سەر مێزیشە، بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز بکەین:**

*** کەسێکی بەهرەمەندی و متمانە بە خۆت زۆرەو کارەکانت بەسەرکەوتوویی دەکەیت، ئەو هێز و توانایەت چۆن بۆ دروست بوو؟**

- سوپاس، بەڵێ بێگومان کەسێکم بڕوای تەواوم بە خۆدی خۆم و توانا و کارەکانم هەیە و لە هەمان کاتدا بەهرەی زۆریشم لە لایەن خوداوە پێ بەخشراوە، کە سوپاسگوزارم. بە بڕوای من هەریەکێك لە ئێمە هێزو توانای جیای هەیە وەك سەرچاوەی سرووشتی، بەڵام دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە پێویستی بە هەوڵدان و ماندووبوون و بڕوابەخۆبوونی زۆر هەیە و پێویستی بە ڕۆشنبیری و ئازایەتیش هەیە بۆ بەکاربردنیان لە کات و شوێنی گونجاو، بۆ دروستبوونی ئەم هێزو توانایەش، هەڵبەت من هەم هەوڵی زۆرم داوە و هەم بڕوای تەواوم بە خۆم و بە توانا شاراوەکانی نێو خودی خۆم هەبووە.

*** تا ئێستا چەند بڕوانامە و خەڵاتت بە دەست هێناوە؟**

- وەك بڕوانامەی ئەکادیمی خاوەنی دوو بڕوانامەی زانکۆی پۆلی تەکنیکی /بەشی سیستەمی کۆمپیوتەر و زانکۆی سەلاحەدین /بەشی ئاداب ئینگلیزیم، لە ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ و ٢٠١١-٢٠١٢. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨ توانیم دوای خوێندنی ساڵێك و نیو ماستەری پیشەیی لە زانکۆی لێچێ ئیتالیا لە بواری -Mediatoreinter culturale بەدەست بێنم بە سکوڵی پلە ٦ی نێودەوڵەتی. جگە لەوەش چەندین بڕوانامەی زمانم لەسەر ئاستی



# درێژترین تونێلی ژێر ئاو

وڵاتی چین، بە وڵاتی دایکی سەیر و سەمەرە ناسراوە، لە نێو خەڵکدا بە وڵاتی کەرەستە خراپەکان ناسراوە، کە زۆربەی کەرەستەکانی لە ماوەیەکی کەمدا لە کاردەکەون، کەچی لەلایەکی دیکەدا بوونەتە خاوەن درێژترین تونێلی ژێر ئاو، ئەو تونێلە دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری بەکین لەلایەك و وڵاتی تایوان لەلایەکی دیکە، کە درێژی تونێلەکە دەگاتە (١٣٥) کیلۆمەتر، بەشی سەرەتای لەسەر وشکانییەو دواتر دەچێتە ژێر ئاو تا ئەو کاتەی دەگاتە سنوورەکانی وڵاتی تایوان، هاتوچۆ لە نێو ئەو تونێلەدا بۆ شەمەندەفەر و ئوتۆمبێلە، کە شەمەندەفەرەکانی نێو ئەو تونێلە بە خێرایی (٢٥٠) کیلۆمەتر لە کاتژمێریکدا دەڕۆن. ئەو تونێلە دەکەوێتە باشووری وڵاتی چین، بە تونێلی (هۆنگ کۆنگ ژوهای ماکاو) ناسراوە، لە ساڵی (٢٠٠٩) دەستپێکراوە، وا بڕیارە ساڵی ٢٠١٩ هاتوچوو لە نێو ئەو تونێلەدا بە فەرمی بکرێتەوە.

سوێد و ئیتالیا بە دەست هێناوە لە لیڤڵی B1،B2. جگە لە وەرگرتنی چەند بڕوانامەی ریزلێنانی تر لە بواری وەرزشی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ماوەی کارکردن و ژیانم لە سوید و ئیتاڵیا .

*** نەبوونی ئەندامێکی جەستە تاچەند دەبێتە رێگر لەبەرامبەر ژیان و ئاوەتەکانت؟**

- نەبوونی ئەندامێکی جەستە هەرگیز نەبۆتە رێگر لە بەرامبەر ژیان و ئاواتەکانم، بەڵکو هەندێك کات هێز و گوڕو توانای زۆرتری پێ بەخشیوم. بە بڕوای من شەمەندەفەڕی ژیان بەردەوامە و چاوەڕوانی هیچ کەس ناکات کە نەیەوێت سەرکەوێتە سەری. بۆیە دەبێت ئێمە بە هەرجۆرێك بێت خۆمان هەڵدەینە نێو ئەم شەمەندەفەڕە و بەردەوام بین لە ژیان، من وەك رێباز لە دەستدانی قاچەکانم نەبوونەتە لەمپەر لەبەر خەون و هەوڵ و تێکۆشانەکانم و بەڵکو هەندێکجار بە پۆزەتیڤیش بۆم شکاوەتەوەو سوودی پێ گەیاندووم و بووە بە سەرچاوەیەکی خێر و خۆشی بۆ هاوڕێیان و کەسانی دەوروبەریشم.

*** هەنگاوی داهاتووت چییە و چ پڕۆژە و کارێکت لە پێشە؟**

- هەنگاوی داهاتووم لە چەند کار و پڕۆژەیەك خۆی دەبینێتەوە، بێگومان لەوانە بەردەوامی لە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا و نووسین و ئامادەکردنی پڕۆژەیەکی وەرزشی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت. هەروەها لە ئێستادا لەگەڵ چەند برادەرێك لە سوێد و ئەڵمانیا و ئیتالیا گار لەسەر پڕۆژەی دروستکردنی تۆرێکی ئەورووپی - کوردستانی دەکەین بۆ خزمەتی خاوەن پێداویستی تایبەت کە خۆی لە چەند بیروکەو پڕۆژەیەك دەبینێتیەی بۆ دروستکردنی متمانە و کەسایەتی بەهێزی خاوەن پێداویستی تایبەت و بیرۆکەی چەند خزمەتگوزاری پێویست بۆیان. جیا لەمانەش خەریکی تەواوکردنی نووسینی کتێبیکم لەسەر بیرەوەری و کار و چالاکییەکانم لە ئەورووپا.



*** لە وەرزشدا چ وەرزشێك دەکەی و لە کوێ یاریت کردووە و چەند نازناوت بە دەست هێناوە؟**

- وەرزشی باسکەو تێنسی سەر مێز دەکەم. لە کوردستان لەگەڵ یانەی هەولێر دەستم بە وەرزشی تێنسی سەر مێز و باسکە کردووە و لە خول و پاڵەوانەتییەکانی عێراق و سوێدی و ئێستاش لە خولی ئیتاڵی یاری باسکە و تێنس دەکەم و لە سوێد دەستم بە وەرزشی مەلەوانیش کردووە، هەروەها لەگەڵ یانەی ستۆکهۆلمی تێنسی سەرمێز خاوەنی مێدالیای زێڕ و زیو و دوو برۆنزم لەسەر ئاستی پاڵەوانیەتییەکانی ئاستی نێوخۆی سوێد و لەگەڵ تیپی باسکەش پلەی دووەم لە ئاستی سوێد و پلەی دووەم لە سێریای ئەی ئیتالی. بۆ ئەمساڵیش خەریکی ئامادەکاری و راهێنانین لە خولی ئیتالی یاری باسکە و تێنسی سەر مێز بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەم.





## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە، باس لەو کەسانە دەکات کە قسەکردن و بێدەنگبوونیان بە دەست کەسانی دیکەوەیە، تەنانەت وەك زەنگولێك دەنگیان دێ و بێدەنگ دەبن.



## نوکتە

پیاو و ئافرەتێك پێکەوە قسەدەکەن و پیاوەکە دەڵێ: ئافرەت با بە یادی جاران، خۆمان گەنج بکەینەوە و دەچینە ئەو شوێنەی کە یەکەمجار لەوێ ژووانمان بوو، پیاوەکە خۆی ئامادە دەکات و دەچێتە شوێنەکە و دواتر زۆر چاوەڕێی ژنەکەی دەکات، دەنگی نابێت، پیاوەکە تەلەفۆن بۆ ژنەکە دەکات و دەڵێ بۆ نەهاتی؟ ژنەکەش بە گریانەوە دەڵێ: باوکم پێی زانیم و نەیهێشت بێم!




## نرخی چاکێتەکانی مایکل جاکسۆن

لە دیمەنێکی سەیر و سەرنجڕاکێشدا، زۆربەی چاکێتەکانی گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی مایکل جاکسۆن لە فرۆشتنی ئاشکرا نمایش کراون، دواجار لە ساڵی (٢٠١١) یەکێك لە چاکێتەکانی بە (١,٨) ملیۆن دۆلار فرۆشرا، دوای مردنی مایکل جاکسۆن لە ساڵی (٢٠٠٩)، تا ئێستاش خەڵکی ویلایەتی نیویۆرك گرنگی بە کەرەستە و کەل و پەلەکانی ئەو گۆرانیبێژە دەدەن، دواجار لەلایەن بەڕێوەبەری کارەکانییەوە کە ناوی (میلتۆن فێریت)ە، یەکێك لە چاکێتەکانی بەناوی (باد)ە بۆ فرۆشتنی داناوە، ئەو چاکێتەی کە ئیمزای خۆی لە پشتەوەی کردووە، تا ئێستا (٥٠) هەزار دۆلاریان پێداوە. وابڕیاریشە لە داهاتوودا سەرجەم چاکێت و جلەکانی ئەو گۆرانیبێژە بفرۆشرێن.



## بۆ زانیـــــــــاریت

### مرۆڤایەتی کەی پەیدا بووە؟

ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە هەوڵ و تێکۆشانی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بەجۆش دەهێنێت و وەڵامەکەش، ڕۆژ بە ڕۆژ، ئاشکراتر دەبێت. لە ڕوانگەی زانستییەوە، کۆمەڵە نیشانەیەکی ئێسکی و پەیلۆئەنپرۆپۆلۆجی هەیە لە ئارادا کە قۆناغی «مرۆڤ بوون»، بەو تایبەتمەندییە گشتیانەی کە هەیەتی، دەتوانێت جودای بکاتەوە لە قۆناغەکانی تری ئەو ڕەگەزە تایبەتەی ئەیپ کە پاشان بووە بە مرۆڤ. خاڵی دیاریکردنی «مرۆڤ بوون»، نەك هەر شتێکی ڕێژەییە بە پەیوەست بە پێناسەیەی کە تاکەکان دەیکەن، بەڵکو شتێکی ڕێژەییە بە شێوەیەکی گشتی. تەنانەت، دەبینیین کە کەوتنە سەر دوو پێش (واتە باپیدەڵ)، نەیتوانیووە ببێت بە خاڵی جیاکردنەوەی «مرۆڤ بوون» لە قۆناغی پێشوتری ئەیپ. ئاستی خێرایی گۆرانکرایە ئیڤەلویشنییەکانە. بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی زۆر تەدریجی لە قۆناغی گۆرانکاریە ئیڤەلویشنییەکان تێگەیشتبوون، (تەنانەت بە پێچەوانەی تێگەیشتنەکەی داروینیشەوە)، پرۆسەی ئیڤەلویشن لەسەر ریتمێکی ڕێك و یەك شێوازی

## مۆنالیزا بۆ خواردن



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێ لە هەڵەکانت وایانکردووە، تووشی ئەو کێشانەی ئێستات بیت، بۆیە گلەیی لە کەس مەکە و سەرنجی کارەکانت بە جوانی بدە، لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆزن و لە دڵی یەکترن، هەوڵمەدە لێی دوور بکەویتەوە، چونکە کەسێکی شیاوە بۆت، کەسایەتیت بەرزە و متمانەت زیاتر بە خۆت بێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بڕیارێکی دروستت دا لەسەر ئەو کەسەی ماوەیەکە بێزارت دەکات، بۆ ماوەیەکی زیاتر فەرامۆشی بکە، تا ئەو کاتەی لێت تێدەگات و هەنگاوی جوانت بۆ دەهاوێژێت، پەلەکردن لە کارەکانت ئەنجامەکانی باشی نابێت، بۆیە بە ئارامی جێبەجێیان بکە و خۆت لە کەسانی خێزانەکەت زیاتر نزیك بکەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست بە شەکەتی و بێزاری دەکەیت، بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی کە ماوەیەکە بەرۆکت بەرنادەن، پێویستت بە ڕاوێژی کەسێکی نزیکی خۆتە، کە لەو گرفتانەی ئاگادار بکەیتەوەو دڵنیابە بۆت چارەسەر دەکات، کەسایەتیت جێگیرە و بیر لە داهاتوو بکەوە، ڕابردووش ئەوەندە بە قورسی وەرمەگرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


جیاکاری لە نێوان کەسانی بە بەرژەوەندی و کەسانی هاوسۆزت بکە، هەموویان تێکەڵ مەکە و هەمان مەمەڵە لەگەڵ هەموویان مەکە، تا دەتوانی خۆت لە کێشەی کەسانی دیکە بە دوور بگرە، چونکە دواجار یارمەتی کەسێکت دا و بە خراپە بۆت گەڕایەوە، ئەوەندە بەسۆزی زوو لە هەستی کەسانی دیکە دەگەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

تەنیا خراپەکانی کەسێکت لەبەرچاو نەبێت، بەڵکو هەموو لایەنێکی ژیانی ببینە و بە جوانی لێی تێبگە، هەمیشە کارێکی وا بکە کەسانی دەوروبەر لێت ڕازی بن، نابێ تەنیا بەرژەوەندیی خۆت بوێت و ئەو کەسەی لە دڵتە فەرامۆشی بکەیت، ژیرانە بیر دەکەیتەوە بۆ داهاتوو.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بڕیاری چارەنووسساز مەدە، ماوەیەکی باش بیری لێبکەوە و پاشان ئەنجامەکانیش بهێنە پێش چاوت، با دواجار پەشیمان نەبیتەوە. هەنگاوێکی سەختت لەپێشە تا بە کارەکانت بگەیت، دوو کەسی نزیکت نێوانیان خۆش نییە و پێویستیان بە یارمەتی تۆ هەیە تا چاکیان بکەیتەوە و کاری لەسەر بکە.




ونادات. ئاستی خێرایی گۆڕانکاریەکان، زۆر وابەستەیە بەو هەلومەرجانەی کە دێتە کایەوە و زیندەوەرێك خۆی تێدا دەبینێتەوە. هەر ئەمەشە پێناسەی قۆناغەکان دەکات و قۆناغەکان لە یەکتریی جودا دەکاتەوە. ئەم هەواڵەی کە تازە بڵاو بۆتەوە، سەبارەت بە ئێسکی کایکیلەی «یەکەم مرۆڤەکان» کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢,٨ ملیۆن ساڵ لە مەوپێش. «یەکەم مرۆڤەکان» واتای ئادەم و حەوا نییە لێرەدا، بەڵکو پەیدابوونی قۆناغی سەرەتاییەکانی «هۆمۆ» پیشان دەدات. ئەم ئێسکە هەر لەو ناوچەیە دۆزراوەتەوە کە کاتی خۆی، ئێسکی لوسی تێدا دۆزرایەوە و ئەمەش، مێژووی پەیدابوونی «هۆمۆ» بۆ ٤٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنێتەوە.

مۆنالیزا، یەکێك لە تابلۆ نایابەکانی وێنەکێشی جیهانی (لیۆناردۆ داڤنشی)یە کە ناوبانگێکی گەورەی هەیە، تەنانەت زۆربەی وێنەکێشەکانی دیکە لاسایی ئەو وێنەیە دەکەنەوە، کەچی وەك وێنە ئۆرجیناڵەکەی بۆ نایەت. دواجار چێشتلێنەر و هەویرکارەکانیش دەیانەوێت لەو بوارە کێبڕکێ بکەن، ئەوەش بە دروستکردنی کێکێکی گەورە لە شێوە و وێنەی مۆنالیزا، نزیکەی (٣٠) قوتابی و هەویرکار بە یارمەتی هەویرکاری وڵاتی ژاپۆن (ئاییر کوریهارا)یە، ئەو خاتوونە وێنەی مۆنالیزای لە (٢٢٠٠) پارچە کێکی خواردن کێشاوە، وێنەکەش جوان دەرچووە و وەك ئەوەی تابلۆیەك بێت بە کارگە و کەرەستەکانی وێنەکێشان کێشرابێت.

# پوختەی فیلم

## پێ بچووك – Smallfoot


فیلمێکی درام و میوزیك و فەنتازیایە، باس لە ورچە سپییەکانی نێو جەمسەرکان دەکات، کە یەکێك بە ناوی (میگۆ)یە، لەگەڵ هاوڕێیەکەی بە ناوی (یەتی)یە، دوای ئەوەی فڕۆکەیەك لە ناوچەکەیان دەکەوێت و ئەویش مرۆڤ دەبینێت، بە پێی بچووکی ناوبانگ دەکات، دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە نێو خێڵەکەی و باسی ڕووداوەکەی بۆ دەکەن، کەس بڕوای پێ ناکات، ئەویش ناچار دەچێ لە دوای مرۆڤدا بگەڕێت، پاشان دەچێتە شوێنێك کە مرۆڤی لێیە و دەبێتە هاوڕێیان، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٤٩) خولەکە، لە دەرهێنانی (کاری کرکپترێك)ە، بودجەی فیلمەکە (١٦٧) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (لیبرۆن جەیمس، زیندیا، شانینگ تاتوم*ـە





## پەند و وتە

نۆئام شومسکی، فەیلسووفی ئەمریکی و ڕەخنەگری کۆمەڵگە، لە ساڵی (١٩٢٨) لە ویلایەتی بەنسەلڤانیا لەدایکبووە، دەربارەی سەربەخۆیی ڕادەربڕین دەڵێ: کاتێك تۆ بڕوات بە ڕای ئازاد و سەربەخۆیی ڕادەربڕین هەیە، ئەو کاتەیە کە تەنیا بڕوات بە ڕای ئازادی خۆت دەبێت، بۆ ئەوەی بە دڵت نییە، یان بە دڵتە، ڕاو بۆچوونی کەسانی دیکەش بەلاوە دەنێیت.



## یاری وێنە

لەم شێوەیەدا، چەندین شێوەی جۆراوجۆری ئەندازەیی هەن، ئەوەی زیاتر بەرچاو دەکەوێت سێگۆشەیە، هەوڵبدە لە ماوەی (١) خولەك تەواوی سێگۆشەکان دیاری بکەت و بزانە چەند سێگۆشە دەدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بە هەوڵی خۆت توانیوتە بگەیتە ئەو پێگە و شوێنەی کە هەتە، مەهێڵە کەسانی دیکە جێگەت بگرنەوە و کاری خۆت بە جوانی بکە، بیری کەسێك دەکەی، وا چاکە هەوڵێکی دیکەی بۆ بدەیتەوە، تا دواجار هەڵویستی بزانیت و ئەوەندە سەرقاڵت نەکات، گرنگی بە هەست و ناخت بدە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گرنگی بە یەکێك لە کارەکانت بدە، ئەگەر لە یەك کاتدا تەرکیز لەسەر کۆمەڵێك هەنگاو بکەیت، ئەو کاتە ئەنجامەکانت بە دڵ نابێت و خراپ دەبن، هەوڵبدە هەمیشە بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێیت و کارەکانی ئێستاش لە دەست نەدەیت و پارێزگارییان لێ بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەمیشە بیر و بڕوات بە کارەکانت هەبێت، ڕەنگە زۆربەی جار ئەنجامەکانت بە دڵ نەبن، بەڵام داهاتووت بەرەو باشی دەچێ، لەگەڵ کەسێکدا ناکۆکیتان هەیە و هۆکاریش کەسی بەرامبەرە، چونکە بە هەڵە لە هەندێ لایەنی تۆ تێگەیشتووە، هەوڵبدە بۆی ڕوون بکەیتەوە، زیاتر گرنگی بە خۆت بدە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەنگاوی تەواوت هەڵگرتووە تا بە ئامانجی ئەو ئەرکەت بگەیت، پێشبینی هەموو ئەنجامەکان بکە، تا لە داهاتوودا تووشی کێشە و گرفت نەبیتەوە، کاری داهاتووت لەگەڵ ئەو کەسەی لە دڵتە گرنگی زیاتری پێ بدە تا هەستت پێبکات و دڵی لەسەرت بێت، دڵخۆشبە بەوەی کە هەتە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێك لەگەڵ کەسانێکی نزیکت مامەڵە دەکەیت، هەوڵبدە سادە بیت، تا ئەوان وا هەست نەکەن کەسێکی لەخۆبایی و خۆتت لە سەرووی ئەوانەوە داناوە، ماوەی داهاتووت دژوار دەبێت و کێشەت لەگەڵ کەسێکدا زیاتر دەبێت، بە هێمنی و لەسەرخۆ چارەسەریان بکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بیرۆکەکانت جێگەی گومانن و وا هەست دەکەیت کە زۆربەیان سەرناگرێت و شکست دەهێنن، بەڵام ئەو پێشبینییە هەڵەیە و دەبێ هەوڵی خۆتی بۆ بدەی و زیاتر لەسەر کارەکانت بەردەوام بیت، هەست بە کەسی بەرامبەرت بکە، چونکە شایستەی ئەوەن لە تۆ نزیك بن.